ئایا زیاتر لە نۆ سەد ساڵ لەمەوبەر کۆنترین شیعری سۆرانی لە مێژوودا لەلایەن پیر ئەحمەدی کەرکوکی یارسانیەوە نووسراوە؟




نووسینی: سۆران حەمەڕەش

کاتێک کە مێژووی کورد لەسەدەی بیستەمدا لەلایەن مێژوونوسانەوە نووسراوە زۆربەیان پێش ئەوەی کە دەست بخەنە سەر قەڵەم، بۆچوونێکی پێشوەختی نەرێنیان لەسەر کورد لەلا گەڵاڵە بووە. بۆیە زۆربەی جار ئەو بێ بڕواییەیان لە داڕشتنەوەی مێژووی کورد دا بەڕوونی بەدی دەکرێت. هەندێک جاریش لە ژێر کاریگەری تیۆری ئەفسانەیی ئاریدا بۆچوونی سەیر لە هەندێک کەسایەتیە تایبەتمەندەکان لە بواری زمانی کوردیدا دەکەوێتە بەرچاو. یەکێک لە کەسایەتیە خاوەن دکتۆرا و بەناوبانگەکانی بواری ئەدەبی کوردی، لە پێشەکی کتێبێکیدا دەڵێت "کورد لە نەژادی هیندۆئەوروپیە". لە ڕاستیدا ئەگەر قوتابیەکی زانکۆ ئەوە بنووسێت، دەبێت ئەو دێرە خەتی پێدا بهێنرێت و پرسیاری لێبکرێت و بگووترێت "ئەمەت لە کوێوە هێناوە؟ هیندۆئەوروپیت بەچی کرد بە نەژاد لە کاتێکدا کە "هیندۆئەوروپی" تەنها ناوێکی ئەکادیمیە بۆ گروپێکی زمان و ئەوروپیەکان خۆیان لە سەدەی هەژدەیەمەوە دروستیان کردووە؟". ئەو دکتۆرە بەڕێزە نەک کەسایەتیەکی بەناوبانگی بواری زمانە، بەڵکو چەندین دکتۆرا و ماستەریش لەو بوارەدا لە ژێر چاودێریدا وەرگیراوە.

هۆکارەکان هەر ئەوانە نین بەڵکو چەندین هۆکاری تر هەن. زۆر جار کاریگەری ناوچەگەریی کاریگەری بەرچاوی لەوەدا هەبووە. هەندێک جار دەوڵەتی بابان و سەردەمەکەی جۆرێک لە قودسیەتی پێ دراوە و لە ژێر ئەو کاریگەریەدا بەشێک لە خوێندەوار پێیان وایە کە مێژووی ئەدەبی کوردی بە زاراوەی سۆرانی (کرمانجی خواروو) لە بابانەوە دەستی پێکردووە. بەڵام لە هەموو ئەو هۆکارانە گرنگتر، نائاشنابوونێکی گشتی خەڵکانی بواری زمان و ئەدەبە بە ئاین و ئەدەبی یارسانی (کاکەیی). بە گشتی لە ناوەندە ئەدەبیەکاندا تێکستی یارسانی وەک بەشێک لە ئەدەبی کوردی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

مێژووی کورد و ئەدەبەکەی بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و ئاکامەکەی دروستبوونی بۆچوونی سەیرە سەبارەت ئەم فەرهەنگە دەوڵەمەندە. لە ئەنجامدا ئەمڕۆ زۆر بە سادەیی سەرەتای نووسین بە زاراوەی سۆرانی دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی بابان و نزیکی دوو سەد بۆ سێ سەد ساڵ لەمەوبەر. ئەم بۆچوونە بێ بناغەیە هێندە بەهێزە کە وایکردووە لێکۆڵینەوەیەکی جدی لەسەر ئەوە نەکرێت و ئەو بۆچوونە هەڵەیە تا ڕادەیەک وەک ڕاستیەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

یەکێک لەو نموونە شیعریانەی کە ئەو بۆچوونە بێ بنەمایە سەبارەت بە مێژووی نووسین بە زاراوەی سۆرانی هەڵدەوەشێنێتەوە، لە ناوچەی کەرکوکدا نووسراوە. جا پێش ئەوەی کە باسی ئەو شاعیرە بکەین، دەبێت ئاوڕێک لە ڕابردووی ناوچەی ژیانی ئەو شاعیرە بدەینەوە کە کەرکوک بووە. کەرکوک لە ڕابردوودا شارێکی فەرهەنگ دەوڵەمەندی گرنگ بووە. نزیکەی چوار هەزار ساڵێک لەمەوبەر هوریەکان بە هەزاران پارچە تێکستی گرنگیان لەو شارەدا بۆ بەجێهێشتووین (چەند هەزارێکیان بە تەرجومەکراوی لای بەندە هەن). لە ناو ئەو تێکستانەدا دەوڵەمەندی فەرهەنگ و ئاستی بەرزی شێوەی حوکمڕانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەوێتە ڕوو پێش ئەوەی کە بکەوێتە ژێر هێرش و دواتر دەسەڵاتی ئاشوریەکانەوە. سەردەمێک ئاشوری و دوایی دەسەڵات کەوتەوە ژێر دەستی کورد/مید و یۆنانی و دواتر نزیکی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر بە گشتی لە ژێر دەسەڵاتی هەزەبانیەکاندا بووە. لەو شارەدا ئاینەکانی کریستیان و مانی و زەردەشتی و یارسانی و چەندین وورده ئاینی تر هەبوون. نزیکی دوو هەزار ساڵێک لەمەوبەر خەڵکەکەی بە گشتی کورد و ئارامی و کەمینەیەکی یۆنانی بوون. کێبڕکێی ئاینی وفیکری لەو ناوچەیەدا، ژینگەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگی دروستکردبوو. ناوچەی گەرمیان (بیت گەرمای) کە کەرکوک گرنگترین شاری بووە، ناوەندێکی فەرهەنگی گرنگ بووە و لە سەرچاوە کریستیانەکاندا وەک ناوچەیەکی گرنگ سەدان جار ئاماژەی پێ کراوە. ئا لەو شارەدا نزیکی دوو سەد ساڵ پێش هاتنی عەرەبەکان، لە سەرچاوەکاندا خەڵکانی وەک پۆڵ کاکەیی و برایم میدی ناویان هاتووە.

ئەم شاعیرەی کە بابەتی ئەم ووتارەیە لەو ناوچەیەدا پەروەردە بووە و نزیکی نۆسەد ساڵ لەمەوبەر لە کەرکوکدا ژیاوە. ناوی تەواوی بریتیە لە ئەحمەد کوڕی نەسەی کەرکوکی و هەر وەک بە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، لە کەرکوک لەدایکبووە. پیر ئەحمەد لە تەمەنی هەشتساڵیەوە لای باوکی خوێندوویەتی و تەمبورژەن و دەنگ خۆش بووە. بۆیە وەک زۆر لە کوردە یارسانیەکان، بە تەمبورەوە هۆنراوەکانی چڕیوە. ئەم شاعیرە بەرهەمی شیعری زۆر هەبووە بەڵام کەمیان ماون، ئەوانەی کەماون لای یارسانەکان پارێزراون. هەندێک سەرچاوە پێیان وایە کە پیر ئەحمەد لە کەرکوکدا کۆچی دوایی کردووە و گۆڕەکەی لە ناو شاری کەرکوکدایە. پیر ئەحمەد نزیکی نۆسەد ساڵ لەمەوبەر ئەم شیعرە :ئاینیە یارسانیەی داناوە

ئەز ئەحمەدی زێڕین بەرم ئەز ئەو دوڕەی ناو گەوهەرم

ئەرز و سەمایە لەنگەرم لە ڕۆژ حەساو ئەز لە دەرم

ئەز ئەحمەدم بارم گێڵان تاونم داوە بە خێڵان

جەژنم داناوە لە کەیان لە ڕۆژ حەساو ئەدەم بەیان

ئەز ئەحمەدی ناو بچووکم هەم نەوزاوا و هەم نەوبووکم

زەرینەڵەی دەستە لووکم ڕۆژی حەساو ئەز دەکووکم

ئەز ئەحمەدی بێ مندالم هەم نەوزاوا و هەم نەومالم

زەرینەڵەی ناو دەستماڵم ڕۆژی حەساو ئەز دەناڵم

ئەز ئەحمەدی دەریای جەیحوون چەندێ گەڕام بە دووناى دوون

لە گشت لاوە هەڵساوە هوون لە سیاوەخشۆ کرام گوڵگوون

ئەز ئەحمەدی ئاو تەشارم لە ئاوی دوڕ گەوهەر بارم

لە هەفتەمین ناوی یارم ڕۆژی حەساو ئەز دیارم

واتە: من ئەو پارێزگارەم کە نوقمی دەریای خواناسی بووم و پلەوپایەی خواناسی من گەیشتۆتە جێگایەک کە زەوی و ئاسمان بە لەنگەرگای خۆم ئەزانم و لە ڕۆژی پەسڵاندا خۆم دەنوێنم. من ئەو کەسەم کە نە ماڵم هەیە و نە منداڵ و بەهێزی خواناسی هەموو جێگایەک پڕ لە خۆشی دەکەم و، شادی و خۆشی هەموو کەسێک بە شادی و خۆشیی خۆم دەانم و دەرد و پەژارەی ئەوانیش بە دەرد و

پەژارەی خۆم دادەنێم، چونکە مرۆڤ لە بناغەدا لە یەک سەرچاوەوە بەدی هاتووە و منیش کە بنیادەمم دیارە لەو سەرچاوەوە بەدی هاتووم. بەڵام نوقمی خواناسی بووم و، پلەوپایەی خواناسی من گەیشتۆتە دەریای جەیحوون. لەوێدا لە هەموو لایەکەوە خوێن هەڵشابوو و خوێنی سیاوەخشی دەهێنایە بیر. من بە ناویاندا گەڕام و بەهێزی خوناسی ئەوانم لە ڕێگەی چەوت و چەوێڵ لادا و هێنایانمە سەر ڕێگەی ".خواناسی و ڕزگاریانم کرد

لەسەرەوە بەبەڵگەوە ڕوونبووەوە، نۆسەد ساڵ لەمەوبەر زاراوەی سۆرانی بۆ نووسینی شیعر بەکارهاتووە. ئەم بەڵگەیەش تەنها نیە بەڵکو دەیان شیعری تر هەن کە تەمەنیان نزیکی زیاتر لە شەش سەد ساڵن کە دیسان شیعری یارسانی نێرگز خانمی جاف و عابدینی جاف و شیعری تەمەن نزیکی پێنج سەد ساڵەی ئیڵ بەگی جافن، کە ئەوانیش شیعری پیرۆزی یارسانین و هەروەها دەیان شیعری تری شاعیری موسوڵمانانی شارەزوورین کە دژی یارسانەکان شیعریان ووتووە و هەر یارسانیەکان پاراستوویانن. هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا دەردەکەوێت کە زاراوەی هەورامی زاراوەی فەرمی ئاینی یارسانییە، بەڵام دەبینرێت چەندین شاعیر بە زمانی سۆرانیش شیعری یارسانیان گوتووە، کە ئەوە ئەو ڕاستیە نیشان دەدات مێژووی نووسین بە زاراوەی سۆرانی زۆر لەو مێژووە دێرینترە کە ئەمڕۆ خەڵکانی تایبەتمەند لەو بوارەدا باسی دەکەن و بە دەوڵەتی بابان و ناوچەی سلێمانیەوە گرێی دەدەن. بەپێی ئاشنابوونم بە زمانە دێرینەکان دڵنیام کە نووسین بە زاراوەکانی هەورامی و سۆرانی و کرمانجی......زۆر لەو مێژووە دێرینترە کە ئەمڕۆ بۆیان داناون. هەروەها بە بەڵگەوە ڕوونکرایەوە زاراوەی سۆرانی زۆر دێرینترە لەوەی کە ئەمڕۆ پسپۆڕانی ئەدەبی کوردی باسی دەکەن و هەروەها زیاتریش ڕوون بووەوە کە نائاشنابوونمان بە ئاین و ئەدەبی یارسانی، دەبێتە هۆی نائاشناییمان بە مێژوو و فەرهەنگی خۆمان. دەبوو ئەمڕۆ هەموو خوێنکارێکی زمانی کوردی، ئاشنا ببوایە بە ژیان و شیعرەکانی پیر ئەحمەدی کەرکوکی بەڵام بەداخەوە تا لە ئاینی یارسانی نەگەین، لە خۆمان و ئەدەب و .فەرهەنگمان ناکەین

:تێبینی

ئەوەی کە مایەی سەرنجە "ئەز" جاران لە زاراوەی سۆرانیشدا بەکارهاتووە هەروەها بەپێی شیعرەکە - "جاران وەک زاراوەی هەورامی لە بری "خوێن"، لە سۆرانیدا ووتراوە "هوون

ئەم شاعیرە ناوی (پیر ئەحمەدی کەرکوکی) ە و دانانی نازناوی (یارسانی) لە سەرەتای وتارەکەدا بۆ - .مەبەستی دەرخستنی گرنگی ئەو ئاینەیە

- سەرچاوەی سەرەکی ئەم بابەتە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا سدیق بۆرەکەییە و لێکدانەوەی شیعرەکە لەم بابەتەدا، وەک خۆی لە کتێبی ئەو مامۆستایەوە وەرگیراوە.

- وێنەکەی پیر ئەحمەد وێنەیەکی خەیاڵیە و بنەمای مێژوویی نیە.

بارکۆدی کاناڵی تەلگرامی نووسراوەکانی مامۆستا سۆران حەمەڕەش

کاناڵی تەلگرامی: https://t.me/soranhamaresh